

# زۆیا: پێوەندیم لەگەڵ خەسووم زۆر باشە وهاندەری سەرەکیمە

زۆیا یەکێکە لە خانمە گۆرانیبێژە سەرکەوتووەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە توانیویەتی گۆرانی کوردی بەشێوەیەك بچڕێ کە تاموچێژی ڕەسەنایەتی لێوە بێ، چونکە لە گۆرانییەکانی و لە شێوەی ئەداکردنیدا هەست بە دەنگێکی ڕەسەنی کوردی دەکرێ کە لە رووی زانستییەوە زۆر سەرکەوتووانە سوودی لە بەهرە و تواناکانی خۆی وەرگرتووە بێ ئەوەی هەست بە کارتێکردنی هونەر و کەلتووری بیانی بکرێت، دەرکەوتنی زۆیا زیاتر لە باشووری کوردستان بوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی و ئەنجامدانی چەندین کلیپ و کۆنسێرتی هونەری، زۆیا لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان پەردەی لەسەر چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی خۆی هەڵدایەوە، هەروەها باسی لە دواترین بەرهەمەکانیشی کرد.

## سەرقاڵی هەڵبژاردنی تێکست و ئاوازی نوێیە

سەرەتا زۆیا دەربارەی بەرهەمی داهاتووی وتی: ئێستا لە قۆناغی خۆ ئامادە کردنم بۆ خوێندنەوە و هەڵبژاردنی تێکست و ئاوازی نوێ و نیازم وایە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا بڵاوی بکەمەوە، لە لایەکی دیکەوە دیسان لە خۆ ئامادە کردندام بۆ ئەوەی چەند گۆرانییەکی بەرهەمی پێشووم بەشێوەی کلیپ تۆمار و بڵاو بکەمەوە هیوادارم بە دڵی جەماوەرەکەم بێت.

## زۆر لە ئافرەتە هونەرمەندەکان خاوەن کەسایەتییەکی بەرزن

زۆیا بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی ئەو ئافرەتە هونەرمەندانەی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا بوونیان هەیە و لەمبارەیەوە دەڵێ: پێویستە کەناڵە کوردییەکانی کلیپ و بەرهەمەکانی ئەو ئافرەتانە نمایش نەکەن کە تەنیا لەشولاری خۆیان نیشان دەدەن و دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە کاری هونەری بکەن و ناوبانگ و جەماوەر بدۆزنەوە، چونکە هەندێکیان ناوبانگی هونەری کوردییان زڕاندووە و تەنیا دەنگەکەیان کوردییە، ئەگینا لە هەموو ڕوویەکەوە لە هونەری کوردی دوورن، بەڵام هەندێك ئافرەتی دیکەی هونەرمەند هەن کەوا بەڕێزن و توانیویانە هونەری کوردی بەتایبەتی هی ئافرەتان پێش بخەن وەکو (نارین فەقێ و چۆپی فەتاح و نازدار) کە بە ڕاستیی شایەنی ڕێز لێگرتنن.

## لە ماڵەوە هونەرمەند نیم ئافرەتێکی ئاساییم

بەدەر لە کاری هونەری زۆیا وەك ئافرەتێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی وەك هەر ئافرەتێکی دیکە دەگوزەرێنی، زۆیا پێیوایە کە هاوسەری و منداڵەکانی مافی ئەوەیان بەسەرییەوە هەیە کە وەك هەر ئافرەتێکی دیکە کاتی خۆیانی بۆ تەرخان بکات و پشتگوێیان نەخات و نەیانکاتە قوربانی کاری هونەری، زۆیا دەڵێت : لە ماڵەوە هیچ کاتێك خۆی بە هونەرمەند نازانێت بەڵکو وەك هەر دایك و هاوسەرێکی ئاسایی ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکات و مافی منداڵ و هاوسەرەکەم دەدەم بەتایبەتی هاوسەرەکەم کە بە حوکمی ئەوەی خۆیشی ئاوازدانەرە زۆر هاوکاری کردوم بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری، چونکە من لە ساڵی ٢٠٠٦ واتە دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا دەستم بە کاری هونەری کرد، ئەویش بە پاڵپشتی و هاوکاری هاوسەرەکەم و لە نزیکەوە شارەزایە لەوەی من وەك هونەرمەند پێویستم بە چ جۆرە تێکست و ئاواز و ستایلێکی هونەرییە، دەربارەی کاریگەری ناوبانگ و ناسراویش لەلایەن خەڵکەوە زۆیا دەڵێ: من خۆم خەڵکی قامیشلۆم، لە قامیشلۆ ناتوانم وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژیم و بچم بۆ بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستییەکان یان هەر کارێکی دیکە، بەڵام ئێستا لە (دێرك) کە شارێکی بچووکە لەوێ تا ڕادەیەك باشتر بە ئازادی دەتوانم بچم بۆ دەرەوە یان بازاڕ وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی.

## حەزم لە خواردنی کوردییە

زۆیا لە ماڵەوە کابانێکی زۆر باش و لێهاتووە و زۆربەی خواردنەکانی ماڵەوە خۆی ئامادەی دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: من زۆر حەز لە خواردنە کوردییەکان دەکەم بە هەموو جۆرەکانییەوە، خواردنی ماڵەوە من ئامادەیان دەکەم و هاوسەرەکەشم هەمیشە پێم دەڵێ: ئەمە خۆشترین بە تامترین خواردنە کە تا ئێستا خواردبێتم، بەڵام هەندێك خواردنیش هەیە کە تا ئێستا خوارد بێتم جا نازانم ئەمە موجامەلە کردنی منە یاخود بەڕاستی خواردنەکەم خۆشە، هەر سەبارەت لە خواردن زۆیا دەڵێ: هەندێك خواردن هەیە کە هاوسەرەکەم حەزی لێیەتی، بەڵام بۆ من زۆر زەحمەتن ناتوانم ئامادەیان بکەم وەك کفتە، بۆیە خەسووم هاوکاریم دەکات و بەیەکەوە خواردنێکی خۆش ئامادە دەکەین.

سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ خەسوویشی زۆیا دەڵێ: لەنێو خێزانەکەمان واتە ماڵی ڕێزگرتنێکی زۆر لە نێوانماندا هەیە، پێوەندی من و خەسوو و خەزوورم زۆر خۆشە و یەکتریمان زۆر خۆشدەوێ، بەتایبەتی خەسووم ڕەنگە پێتان سەیر بێت کە بڵێم کە هەمیشە ئاگاداری کارە هونەرییەکانی منە و یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر زۆر هانم دەدات بۆ بەردەوام لەسەر کاری هونەری و درێژە پێدان بە کارەکانم، هەر بۆیەش بەردەوام ئاگاداری هەواڵ و چالاکیە هونەرییەکانی منەو لێم دەپرسی دەربارەیان.

کوردە:

# گوێ لەڕەخنەی ڕووخێنەر ناگرم

**هونەرمەنـد کـوردە یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی کە ماوەیەکی کورتە دەسـتی بەگۆرانی ووتن کردووە، بەڵام توانیویەتی جێگای خۆی بکاتـەوە لەنێو هونەری کوردی و تاڕادەیەك سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێت، کوردە تاکو ئێستا خاوەنی یەك بەرهەم چوارکلیپە. کوردە لەدیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لەوەدەکات تەواوی کارە هونەرییەکانم لەسەر گیرفانی خۆم ئەنجامداوە هیچ کەسێك هاوکاری نەکردووم.**

*** بۆچی چەند جارێك ئەو تێکسـتانەی بـە نیاز بووی بیانکەی بە گۆرانی لەلایەن کەسـانی ترەوە بردران ئەمە ڕێکەوت بوو یان بە ئەنقەست بوو؟**

- تائێستا دووجار تووشـی ئەم گرفتە بوومە، جارێکیان لەڕێگای شـاعیرێکەوە کە بەهەڵە دابـووی بەگۆرانیبێژێك. جارێکیشـیان لەڕێـگای گۆرانیبێژێکەوە دووبـارە گۆرانیبێژەکی تـرەوە ، ئەم کێشانەش هەن و زۆرجار ڕوودەدەن.

*** هونەرمەندان زۆریان بەرهەمەکانیان لە تورکیا و کوردستان تۆمار دەکەن، چۆن بوو تۆ لە سوید تۆمارت کرد؟**

- لەبەرئەوەی لەدەرەوەی کوردسـتان دەژیـم هەربۆیە کارکانم لێرە ئەنجام دەدەم هەستیش دەکەم کاری ئێرە جیاوازترە لەکارەکانی تورکیا یان کوردستان بۆیە حەز دەکەم کارەکانم لێرە بەئەنجام بگەیەنم.

*** هونەرمەندانی هاوشـێوەی تۆ کە لە سـەرەتای کاری هونەریدان، پێویسـتیتان بەچییە بـۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکەن و پێش بکەون؟**

- بەڕای مـن ئەگەر هونەرمەندێـك بیەوێت پێش بکەوێـت لەکارەکانی دەبێت خـۆی ماندووبکات، هەروەها لایەنی ماددی باش بێت چونکە هونەری ئەم سەردەمە بەتەکنەلۆژیا پێش دەکەوێت، پێویستە هاوکاریش هەبێت لەڕووی ئاوازو تێکسـت و میوزیك تاکو ناوبانگ بەدەسـت بێنێت. هەروەها ڕێزی خۆی هونەرەکـەی جەماوەرەکەی بگرێت دەبێ دەنگیشـی لەئاستێکی باش دابێت حەزیشی لەکاری تازەبێت نەك لاساییکردنەوە.

*** جگـە لە گۆرانی گوتن خولیای موزیکت هەیە و چ ئامێرێك دەژەنی؟**

- زۆر حـەز بەمیوزیـك دەکـەم بەتایبـەت گوێگرتـن، چونکە زۆر سـوودی لێوەردەگرم من هیچ ئامێرێـك ناژەنم ، بەڵام ئامێـری کیبۆردم هەیـە بـەردەوام ڕۆژانە پڕۆڤەی دەکـەم بۆئەوەی کارەهونەرییەکانـی خـۆم باشـتر بکەم ئەوکات گەر شارەزایم باش بێت لە مۆسیقا کارەکانم بۆ ئاسان دەبێت.

*** تۆ لە سەرەتای کاری هونەری دای ، چۆن پێشوازی لەو رەخنانە دەکەی کە ئاراستەت دەکرێن؟**

- زۆر بەدڵێکـی فراوانەوە ڕەخنە وەردەگرم بەتایبەت ئەو ڕەخنانەی کەباشن و سوودیان لێوەردەگرم، بەڵام ئەو ڕەخنە یەی کەڕووخێنەربێت گوێی پێنادەم.

*** هیچ بەرپرسێکی هونەری یان کەناڵێک یارمەتییان داوی؟**

- دەتوانم بڵێم نەخێر، گشـت بەرهەمەکانم پێکهاتوون لەسیدیەك و چوار کلیـپ لەهەمووکەناڵەکانیش بە پلەی یەك وەرگیراون لایەنی ماددیەکەشـی هەمووی کەوتە سەرشانی خۆم و لەگیرفانی خۆم کارەکانی خۆم ئەنجام داوە و هیچ کەسێك یارمەتی نەداوم.

*** هونەرمەندە لاوەکان وەك پێویسـت پشتیان بە فۆلکلۆریی کوردی بەستووە؟**

- بەڕای مـن ئەتوانم بڵێم هەندێکیان بەڵـێ، گرینگیان بەلایەنی فۆلکلۆر داوە هەندێکیشیان نەخێرگرینگیان پێنەداوە.

*** وەك هونەرمەندێکـی لاو ئەنجامدانی کاری هونەری لە دەوەرە چۆنە و چین ئەو ئاسـتەنگانەی دێنە سـەر ڕێگاتان ؟**

- لەدەروەی وولات کاری هونەری زۆر سەختە، چونکە سـتۆدیۆ زۆرکەمە و هاوکارانیشـت لە تۆ دوورن یان کەوتوونەتە شارێکی تر، لەکاتێکدا بەنیازم خەمەکانم کەم بکەمەوە و دڵخۆشم لەو کاتەدا بەگۆرانی ووتن هەستەکەم دەردەبڕم بۆئەوەی هەست بەئارامی بکەم.



*** هەندێك کـەس دەڵێـن هونەرمەندە لاوەکان لەسـەرکەوتن لـەکاری هونەریاندا پەلە دەکەن ؟**

- بـەڕای مـن کاری بەپەلە زۆر خراپـە، بـەڵام منیـش دەزانم زۆربەیـان پەلەدەکەن لـەکاری هونەری بۆئەوەی زوو ناوبانـگ بەدەسـت بێنـن و دەربکەون، هەرئەو پەلەیـەش وای لێدەکات کە هەنـگاوی باشـتر بنێت بوکاری داهاتووی ئەمـەش دەبێتـە هۆی سـەرنەکەوتنیان لەکاری هونەری.

*** دواین کاری هونەریت چییە؟**

- بەنیـازم یەکێـك لەگۆرانییەکانـم لەداهاتوو کلیپی بۆ بکەم و لەوڵاتی سـوید وێنەی بۆ بگرم.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: ڕۆشنە عومەر



# بۆچی هونەرمەندان تەنیا لە مانگی رەمەزاندا سروودی ئایینی دەڵێن؟


تا: فایلی هونەری

دیاردەی وتنی سروودە ئایینییەکان خەریکە ساڵ بە ساڵ پەرە دەسێنێت تا وایلێهاتووە هونەرمەندان بەدوای تێکست و ئاوازی سروودی ئایینیدا دەگەڕێن بەتایبەتی لە مانگی رەمەزانی پیرۆزدا، بۆیە بە پێویستمان زانی رای زانایەکی ئایینی و چەند هونەرمەندێك سەبارەت بەم دیاردەیە وەربگرین.


**سەرەتا دکتۆر بەشیرخەلیل حەداد سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەم دیاردەیە دەڵێ:**
بەدڵنیاییەوە ئەم جۆرە کلیپانە زیانی زۆری هەیە بۆ خودی کەسەکەو کەسایەتی هونەرمەندەکە. هونەرمەند پێویستە سەرەتا لەخەمی خۆی و ناوبانگی خۆی بێت نەوەک خەمی بڵاو بوونەوەی گۆرانییەکەی بێت. بەداخەوە هەندێك لەهونەرمەندانی ئێمە ئەوەندەی خەمی بڵاوبوونەوەی بەرهەم و ناوبانگی خۆیانن ئەوەندە خەمی کەسایەتی وناوی خۆیان و ڕەوشتی خۆیان نین. ئەم جۆرە کلیپانە زیان بەکۆمەڵگاو میللەت و گەنجەکان دەگەیەنێت لەبەرئەوەی گەر تۆ هاتی گەنجەکانت خەریکی بەدڕەوشتی لادان بوون، ئەو کات خزمەتکردنی نیشتمان وئینتمای نیشتمانی کەم دەبێتەوە .ئێمە ناڵێین هونەرنەبێت باهونەرهەبێت، بەڵام هونەرێکی ئامانجدار و سوودی هەبێت بۆ نیشتمان. بەدڵنیایەوە ئەوانەی کە گۆرانی بۆ مانگی ڕەمەزان دەڵێن دواتریش دوای ڕەمەزان بەردەوام دەبنەوە لە کارەکانی پێشوویان ئەوا خەریکان بۆ نانووسرێت. ئەگەر بەنیازی ئەوەن خەڵکی دین پەروەر ببن بەجەماوەری ئەوان ئەوە دیسان لەمەش هەڵەن کە خەڵکی ئاینپەروەر ئاینەکەی خۆی بناسێت تەنیا بە گۆرانییەکەی ئەوان، هیوادارم هەموو ئەوهونەرمەندانە لەهەموو مانگەکانی ساڵدا ڕێز لە بنەما ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان بگرن .

**سەبارەت بەوتنی سروودی ئایینی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لەلایەن هونەرمەندانەوە**
**هونەرمەند نۆژدار وتی:** ئایین و دینداری ئەوە نییە مرۆڤ سروودێك بڵێت و خوای گەورە لە خۆی ڕازی بکات، بەڵکو ئەمە زیاتر بەستراوە بە پەیوەندی نێوان من و خودا وەك خواپەرستی و نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن کە پێویستە ئەمانە پێشکەش بە خوا بکەم و حەز دەکەم ئەمە لە نێوان من و خوای گەورەدا بێت، وەکو ستران و سروودیش لەوانەیە پرۆژەیەکی لەو جۆرە هەبووبێت، بەڵام من پێموایە مەسەلەی وتنی سروودی ئایینی بۆ ئەو کەسانە بێت کە تەنیا سروودی ئاینی دەڵێن و وەك تایبەتمەندییەك پێویستە بۆ ئەمانە بێت، نۆژدار هەروەها دەڵێ: سروودی ئایینیش خزمەت کردنێکی هونەری کوردییە، بەڵام تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، چونکە ئەگەر بە سروودێکی ئایینی توانیم وا لەکەسێکی دەوڵەمەند بکەم خێرێك پێشکەش بە هەژارێکی وڵاتەکەم بکات یان ببێتە هۆی












ئاشتبوونەوەی دوو کەس ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی گەورەیە پێشکەش دەکەم.
**خانمە هونەرمەند لۆکە زاهیر کە لەم ڕەمەزانەدا یەکەم بەرهەمی ئایینی بڵاوکردەوە دەڵێ:** من وەك کارە هونەرییەکانم پێمخۆشە سەرجەم جەماوەرەکەم بەسەر بکەمەوە گۆرانی ئایینیش بەشێکە لەو هونەرەی کە جەماوەر پێانخۆشەو خۆشم بەوپەڕی برواوە ئەنجامم داوە، هەروەها وتی : وەك یەکەم پرۆژەمان هەوڵماندا لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا پێشکەشی جەماوەری کوردستانی بکەین.
**هونەرمەندی لاو میرە کە ئەویش لەگەڵ لۆکە لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ بەرهەمێکی ئایینی بڵاوکردۆتەوە، بەم شێوەیە دەربارەی سروودی ئایینی و بەرهەمەکەی هاتە ئاخافتن:**
حەزی من بۆ کارە ئاینییەکان لە مێژە، بە بڕوایەکی تەواوەوە بۆ ئایین سرود دەڵێم، گۆرانی یان سروودی ئاینیش بە پێویست دەزانم بۆ ئەو جەماوەرەی حەز بەدەنگی من دەکەن، و یەکەم تەجروبەم ئەنجامدا پێشوازیەکی زۆری لێ کرا بۆیە بەردەوام بووم.
**میرا زیاتر دەڵێ:** ئێمە وەك پرۆژە ئامادەمان کرد و حەزمان کرد وەك دیاری ئێمە لە مانگی ڕەمەزان جەماوەری خۆشەویست بەسەر بکەینەوە و بێگومان ئەم گۆرانییانە بۆ هەموو کاتێکو لەگەڵ هونەرمەند لۆکە پرۆژەی ترمان هەیە.
**هونەرمەندی لاو زانا جەبەلی کە ئەویش سروودێکی ئایینی وتووە سەبارەت بەم دیاردەیە دەڵێ:** من بەر لە دوو ساڵ سروودێکی ئایینیم بڵاوکردەوە و هیوادارم بە دڵی جەماوەر بووبێت، بەشێوەیەکی گشتی هەر هونەرمەندێك سروودی ئایینی بڵێت پێویستە بەشێوەیەکی زۆر جوان بیڵێت و مافی تەواوی بدات و مەرجیش نییە تەنیا لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام پێویستە لە بەرزترین ئاستدا بێت، و زۆریش ئاساییە هونەرمەند لە هەموو ڕەنگ و ستایلە هونەرییە جیاوازەکاندا بوونی هەبێت.
**هونەرمەندی لاو هەڤاڵ ئیبراهیم کە ئەویش یەکێکە لەوانەی سروودی ئایینی هەیە دەڵێ:** ئێمە موسڵمانین، بۆیە دەبێت سروود بۆ ئەم مانگە پیرۆزە بڵێین من بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم کە بە سروودێکی ئایین ڕێز لەم مانگە پیرۆزە بگرم، هەر بۆیەش لە ساڵی پارەوە سروودێکم ئامادە کردووە کە لەبەر چەند هۆکارێك دوا خرا، بەڵام لەم ماوەیەدا دامان بەزاندووە کە ئەویش دیۆیەکە لەگەڵ هونەرمەند سەعید یەلدز هیوادارم بە دڵتان بێ.
**لە کۆتاییدا هونەرمەند حازم بندیان وتی:**
وەکو هونەرمەندێك بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە چۆن بۆ ئەڤین و جوانی و نیشتمان گۆرانی و سروود بڵێین، بە هەمان شێوە پێویستە لەم مانگە پیرۆزەشدا سروودی ئایینی بڵێین و پێشکەشی جەماوەری بکەین، من سروودێکی زور جوانم چریوەتەوە زۆریشم حەزدەکرد بۆ ١٠ی ڕەمەزان تەواوم بکردایە، بەڵام بە داخەوە دواکەوت لەبەر چەند هۆکارێك کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمە بوو.

# جنيڤەر بە ٢٠ مليۆن رازى بوو



بڕيار وايە بۆ جارێكى ديكەش ئەكتەر و گۆرانيبێژى ئەمريكى جنيڤەر لۆپيز ببێتەوە ئەندام لە ليژنەى دادوەرى بەرنامەى (ئەمريكان ئايدۆڵ) كە بەرنامەيەكى جيھانييە بۆ دۆزينەوەى گەنجانى خاوەن بەھرە لە گۆرانى گوتندا.

پێشتر جنيڤەر رايگەياند بوو كە لەبەر سەرقاڵ بوونى بە چەند كارێكى ھونەرى تايبەتەوە ناتوانێت بەردەوام بێت لەو ليژنەيە، بەڵام دواى ئەوەى رێكخەرانى بەرنامەكە برى ٢٠ مليۆن دۆلاريان پێشكەشى كرد توانييان رازى بكەن بۆ ئەوەى دووبارە بگەڕێتەوە بەرنامەكە و شان بە شانى بێژەرى بەناوبانگى جيھانى رايان سيكريت، شايەنى گوتنە پار ساڵ جنيڤەر بەشدار بوو لە ھەمان ليژنەدا، بەڵام ئەو كات بۆندەكەى بە برى تەنھا ١٢ مليۆن دۆلار مۆر كردبوو بۆ ئەوەى وەك دادوەر لە بەرنامەى ناوبراودا بەشدارى بكات.

## وەفا ئەلكيلانى:
# جورئەت بەشێكە لە كەسايەتيم

وەفا ئەلكيلانى يەكێكە لەو پێشكەشكارانەى كە زۆر بە جورئەتەوە كارى خۆى دەكات و لە بەرنامەكانيدا ھەميشە ميوانەكانى تووشى شۆك دەكات، وەفا لە پێوەندييەكدا لەگەڵ گوڵان دەربارەى جورئەت لە كارەكەيدا دەڵێت: لەبەر ئەوەى راشكاوانە پرسيار رووبەرووى ميوانەكانم دەكەمەوە زۆر جار لەگەڵياندا تووشى گيروگرفت بووم، بەڵام من ھەر سوورم لەسەر ئەو جورئەتە، چونكە ئەمە بەشێكە لە كەسايەتى من و زۆر رێز لە بيروڕاى ئەو كەسە دەگرم كە سەيرم دەكات و سووكايەتيش بە بينەر ناكەم، جياوازييەكى زۆريش ھەيە لە نێوان رێز گرتن و سووكايەتى پێكردن، دەربارەى وروژاندنى ميوانەكانيش دەڵێ: من حەز ناكەم كەس بەبێ ھۆ بوروژێنم، چونكە پيشەى من زۆر لەمە قووترە.

سەبارەت بە تايبەتمەندييەكانى پێشكەشكار و بێژەرى سەركەوتووش وەفا دەڵێ: زۆر ھۆكار ھەن، بەڵام گرنگترين و سەرەكيترينيان بريتين لە بەھرەى جوان دەركەوتن واتە ھاتنە پێش چاو كە ئەمەش لە لايەن خواوەيە، دەنگ، رۆشنبيرى، خێرا وەرگرتن و ئاگادار بوون.





# كاسرين
# بە يەكجارى وازى لە جگەرە كێشان هێنا

كاسرين زيتا جۆنزى خانمە ئەكتەرى بەريتانى بڕياريدا بە يەكجارى واز لە جگەرە كێشان بھێنێت و جارێكى ديكە نەيكێشيت.

بەپێى راپۆرتە ھەواڵەكان ھۆكارى واز ھێنانى كاسرين لە جگەرە كێشان دەگەڕێتەوە بۆ تووشبوونى مايكل دۆگلاسى ھاوسەرى بە شێرپەنجە بەر لە ساڵ و نيوێك و ھەر لەو كاتەوە كاسرين بە جددیی بيرى لێدەكاتەوە و لە كۆتاييدا ئەو بڕيارە بە جورئەتەى دا، ھەروەھا بڕياريداوە لەمەودوا لە ھەموو شتێك دوور بكەوێتەوە كە زيان بە تەندروستى دەگەيەنێت و دەبێتە ھۆى دڵەڕاوكێ و تووڕە بوون بۆ ئەوەى تەندروستى باش بێت.

# خالد یوسف: شەڕ دەکەم تا سەلەفییەکان دەسەڵات نەگرنە دەست

دەرهێنەری میسری خالید یوسف رایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەك دژی ئەوە دەوەستێتەوە کە ئیخوان موسلیمن یان سەلەفییەکان لە میسر جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست.

بەڵام خالدیوسف ئەوەشی راگەیاند کە ئاساییە ئەگەر لە رێگای هەڵبژاردنێکی دیموکراسییەوە بێنە سەر حوکم، چونکە زۆر ئاساییە ئەگەر لەسەر ویستی جەماوەر کەسێکی ئیخوان یان سەلەفی ببێتە سەرۆکی کۆمار، خالد یوسف رۆڵی ئیخوان موسلمینی لە شۆڕشی میسریدا کەم کردەوە و گوتی: تەنیا ئەوان بەرگرییان لە شۆڕش نەکردووە لە مەیدانی ئازادی و هەموو گەنجانی سەر بە هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەم کارەیان کردووە بەتایبەتی جەماوەری هەردوو یانەی ئەهلی و زەمالك، هەروەها خالد گوتی: من دڵنیام لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئیخوان ١٥٪ ی کورسییەکان زیاتر بە دەست ناهێنن.





## نەجوا: جەماوەر لە هەموو شتێک گرنگترە

نەجوا کەرەم یەکێکە لە بەناوبانگترین کچە گۆرانیبێژە لوبنانییەکان کە لە ساڵانێکی زووەوە گۆرانی وتووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

بەم دواییە گۆرانییەکی نوێی پێشکەش کرد بە ناوی (مافی نوم) کە زۆر کەس رەخنەیان لەو شێوازە دەرکەوتنەی گرت، بەڵام لە وەڵامدا نەجوا دەڵێ: ئەو رەخنانەی ئاراستەم کران لەسەر گۆرانییە کە هۆکارێك بوون بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکە و وای کرد خەڵك زیاتر تامەزرۆی بن، تەنانەت ئەو رەخنانە وایان کرد منداڵەکانیش گۆرانییەکە لەبەر بکەن من ئەمەم پێ لە هەموو شتێك گرنگترە و پێیان دڵخۆش دەبم نەك رەخنەی هەندێك کەس.

نەجوا هەروەها دەربارەی مۆسیقاکەی دەڵێ: ئەوەی رەخنەی لە مۆسیقاکە هەیە لە سەرەتادا تێینەگەیشتوون و بە قووڵی نەچوونەتە ناو مۆسیقاکەی، نەغمەی (دوم تاك) کە هەندێك کەس پێیان وایە بێ مانایە، ئەمەشیان ناهەقییەکە دەربارەی گۆرانییەکە، چونکە ئەمە راست نییە و شتێك نییە کە مایەی شەرمەزاری بێت بۆ هونەر بۆیە بەداخەوە ئەو رەخنانە شایەنی ئەوە نین رێزیان لێبگیرێت و تەنیا بۆ شکاندنەوەن.

## ئەنجلینا کارەکانی ماڵەوە بە رێکوپێکی ئەنجام دەدات

براد بیتی هاوسەری ئەنجلینا جۆلی ئاماژە بە رێکوپێکی ئەنجلینا دەکات لە ژیانی رۆژانەیدا کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەست بە ئارامی بکات.

براد زیاتر دەربارەی هاوسەرەکەی دەڵێت: ئەنجلینا هۆکاری رێکخستنی خێزانەکەمانە و لەو بوارەوە خاوەن بەهرەیەکی زۆرە، چونکە بەردەوام لیستێکی هەیە بەو ئەرك و چالاکیانەی پێویستە رۆژانە ئەنجامی بدەین و هەمووشمان لە ماڵەوە بە یەکەوە کارەکان ئەنجام دەدەین و هەر یەکێکیش کاری تایبەتی خۆی هەیە کە ئەنجلینا بۆی دیاری کردووین.

